
# ئایا دەزانیت جگەرەکێشان حەرامە ؟؟

ئامادە کردنی: م/ ڕەمەزان قابیل
فێرخوازی پەیمانگای پێش نوێژ و
وتار خوێنان لە دهۆک



## پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن تبعه بإحسان إلى يوم الدين ، أما بعد :

برای موسڵمان خوای گەورە ڕێنمونی هەموو لایەك بكات بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، و هیدایەتی گەنج و یارمەتی پەككەوتووانمان بدات بۆسەر تاكەڕێبازی سەرفرازی ئەویش ڕێگەی حەق وڕاستی و ڕێگەی سەلەفی صاڵحە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) ، برای ئیماندارم لە لێكدانەوەی ئەم فەرموودەو ئایەتانەی خوارەوەدا بۆت ڕوون وئاشكرا دەبێت كە **جگەرەکێشان** لەئایینی پیرۆزی ئیسلامدا قەدەغەوحەرامە.

لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی تێكدان و تێكچونی تەندروستی جگەرەكێشەكە و تەندروستی كەسانی دەوروبەری و تێكدانی ژینگە لێیان.

هـــەروەها جـــێگیر بـــووە (**طبیـــاً**) کـــە جگەرەکێشـــان زەرەر و زیـــانێکی زۆری لێ دەبێتـــەوە و کاریگـــەری خراپـــی هەیـــە لەسەر لاشەی مرۆڤ، جـا بـرای موسـڵمانم بزانـــە و فێرببـــە کـــەوا لـــە ڕووی پاکـــەتی جگەرەکـــەدا نووســـراوە جگەرەکێشـــان هۆیـــەکی ســـەرەکی یـــە بۆنەخۆشـــی‌یـــە ترسـناکەکان وەکـو{ســەرەتان، سـیل، نەخۆشـــــی یـــــەکانی دڵ و نەخۆشـــــی دەمارەکانی خوێن}.

وە جگــە لــەم کۆمەڵــە نەخۆشــی‌یانــە جگەرەکێشـان هـەوێنی چـەندەها دەرد و نەخۆشی دیکەیە کە هەڵگری نەخۆشـی و ناخۆشین بۆ مرۆڤ .

خوێنەری خۆشەویست لە هەمان کاتـدا بزانـــە و فێرببـــە کـــەوا ئـــایینی پـــیرۆز و ڕەحمەتی ئیسلام سورە لە سەرپاراستنی نەفسی مرۆڤ کە لە دوای پاراسـتنی دیـن باسی هاتووە و چەند سنورێکی داناوە بۆ پاراســـتنی نـــەفس، وە دوای پاراســـتنی نـــەفس باســـی عـــەقڵ و مـــاڵ و نـــاموس دەکرێت کە پێیان دەووترێت: (**الضَّروريات الخمس**).

**هیچ** بەڵگەیـەك نـی‌یـە کـە بەڕاشـکاوی باسـی جگـەرە بکـات چـونکە جگـەرە لـە ســـــەردەمی پـــــاکی پێغەمبـــــەردا (ﷺ) نـــەبووە، بـــەڵام لەهـــەمان کاتـــدا ئیســـلام خاوەن چـەندین دەق و نەصـی گشـتی‌یـە کـە هــەموو زیــان و قازانجێـك بـۆ مرۆڤـــ دیاری و دەست نیشان دەکات .

جـــا بـــا پێکـــەوە دەرگـــای دڵـــەکانمان بکەینەوە و بچینە خزمەتی دەق و بەڵگـە بــە هێــز و ڕاســتەکان کــەوا حــەرامێتی جگەرەکێشان دەسەلمێنن: -

**بەڵگـــەی یەکـــەم**: خـــوای گـــەورە دەفەرمێت: ﴿ويحِل لَهم الطيباتِ ويحـرم علَيهم الْخبائِثَ﴾ [الأعراف: ١٥٧] .

واتـــە: خـــوای گـــەورە شـــتە پـــاك و بەسـودەکانی بـۆ حـەڵاڵ کـردوون و شـتە پـیس و زیـان بەخشـەکانی لێ قەدەغـە و حەرام کردوون.

گومـــانی تێـــدا نـــی‌یـــە جگەرەکێشـــان یەکێکە لە شتە زیان بەخشەکان کەزەرەر و زیانیانی بۆ لاشەی ئادەمیزاد هەیە و لە هەمان کاتدا بـۆنێکی ناخۆشـی هەیـە کـە خەڵك ئازار دەدات.

**بەڵگـــــەی دووەم**: خــــوای گـــــەورە دەفـەرمێت: ﴿ولَا تلْقُـوا بِأَيـدِيكُم إِلَـى التهلُكَةِ﴾ [البقرة: ١٩٥] .

واتە: بەدەستی خۆتان خۆتان مەخەنە مەترسییەوە .

وە بەبێ هیچ شـك و گومانێـك جگـەرە کێشان مرۆڤـــ دوچاری گـەلێك نەخۆشـی لەناوبەر دەکات لەوانە: سەرەتان و سیل و نەخۆشـــــی یـــــەکانی دڵ و ئـــــەو نەخۆشـــیانەی دوچـــاری گـــەدە دەبـــن،

ئەمــەش جگــە لــەوەی کــە ڕوو ناشــیرن دەکات و ددانەکان زەرد و تێك دەدات.

**بەڵگــەی ســێیــەم:** خــوای گــەورە دەفەرمێت: ﴿ولَا تقْتلُوا أَنفُسكُم﴾ [النساء: ٢٩].

واتە: خۆتان نەفسی خۆتان مەکوژن.

هــەروەها **جگەرەکێشــان** دەبێتــە هــۆی وردە وردە کوشتن و لەناو بردنی جگــەرە کــێش کــە ئەمــــەش لــــە ئیســـــلامدا بە {ئینتحار} و خۆکوشتن ناوی هاتووە.

**بەڵگــــەی چــوارەم:** خـــوای گـــەورە دەربــارەی عــەرەق وقومــار دەفــەرمێت: ﴿وإِثْمهما أَكْبر مِن نفْعِهما﴾ [البقرة: ٢١٩)] .

واتە: زیانیان زۆرترە لە سودیان .

گومانی تێدا نیــیە کــە زەرەر و زیــانی **جگــــەرەش** لـــــە ســــودەکەی زۆرتـــــر و کاریگەرترە، و بەڵکو کۆی زیانە.

**بەڵگــــەی پێنجــەم:** خــوای گــەورە دەفەرمێت: ﴿ولَا تبذر تبذِيرا، إِن الْمبـذرِين كَانوا إِخوانَ الشياطِينِ وكَانَ الشـيطَانُ لِربـهِ كَفُورا﴾ [الإسراء: ٢٧] .

واتە: مــاڵ و ســەروەت و ســامانتان لــە حــەرام و سەرپێچــی خــوای بالادەســتدا خەرج و بەفیڕۆ مەدەن، چونکە بەڕاســتی ئەو کەسانەی کەوا ماڵ و ســەروەتیان لــە حەرامــدا خــەرج دەکــات ئەوانــە بــرا و دۆستی شەیتانەکانن.

وە **هەروەها** برای گوێڕایەڵم بزانە کــەوا **جگەرەکێشان** ماڵ خەرج (ســەرف) کردنــە لە تاوان، و سەرپێچی کردنە لـە فـەرمانی خــوای گــەورە و پێغەمبــەرە ئازیزەکــەی (ﷺ) وە جـــێ بـــەجێکردنی فـــەرمانی شەیتانە و لەکردەوەکانی شەیتانە.

**بەڵگــەی شەشــەم:** پێغەمبــەر (ﷺ) دەفەرمێت: ((لا ضرر ولا ضرار))[1].

واتــە: نــە زیــان لــەخۆت بــدە و نەلــە خەڵکیش .

برای ئازیزم با بزانین **جگەرەکێشان** هیچ زیانێکی هەیە بۆ خۆت و بۆ خــەڵکی و بــۆ خێزانت و بۆ منداڵت و بۆ هاوڕێکانت و بۆ ... بۆ .... **هتد؟**

بــێ گومــان هـــەمووومان دەیــزانین و ئاشکرایە کە جگەرەکێشان زەرەر و زیـان لە جگەرەکێشەکە دەدات و دەبێتە مایەی ئــازار و ناڕەحــەتی بــۆ کەســانی دەور و بــەرو هــاوڕێ و هاوســێ، جگـە لـەم زیانـە ســەختانە **جگەرەکێشــان** دەبێتــە هــۆی لەناوبردنی ماڵ و پول و سامانی مرۆڤ.

**بەڵگـــەی حەوتـــەم:** پێغەمبــەر (ﷺ) دەفــەرمێت: ((وكره لكـم ... وإضـاعة الـمال))[2].

واتە : خوای گەورە پێی ناخۆشـە کـە ئێوە ماڵ و سەروەت و سامانتان لەشتی بێسود و بێنرخ دا بەفیڕۆ بدەن.

---

[1] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٥٠) .

[2] صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٢٥٠٧) .

بـرای بـەڕێزم بـا سـەیرێکی کـرداری جگەرەکێشـان بکـەین کـە بەڕاسـتی لـە ناوبـەر و بـەفیڕۆدەری مـاڵ و کونکـەری ڕاستەقینەی گیرفـانی مرۆڤـە بـێ ئـەوەی هــیچ پێویســتی‌یــەکی ژیــانی مرۆڤــ پڕبکاتــەوە، کەواتــە خــوای گــەورە **جگەرەکێشـانی** قەدەغـەی کـردووە و بـە حەرامی داناوە لەسەر بەندەکانی .

**بەڵگـەی هەشـتەم:** پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرمێت: ((مَثَلُ الجليس الصالح، والجليس السوء كمثل صاحب المسك، وكير الحداد لا يعدمك من صاحب المسك، إما أن تشريه، أو تجد ريحه، وكير الحداد، يحرق بيتـك، أو ثوبك، أو تجد منه ريحاً خبيثة))[٣].

واتە: نمونەی ئەو کەسەی کە دانیشتن و هــەڵس و کــەوت لەگــەڵ پیــاو چــاکدا دەکـات، و ئـەو کەسـەی کـە دانیشـتن و هەڵس و کەوت لەگەڵ پیاو خراپدا دەکات وەکــو میســـك فرۆشـــێك و کــورەی ئاسنگەرێك وایـە، چـونکە پیـاو چاك وە کومیســـك فرۆشـــەکە وایـــە، یـــان لێی دەکڕیت، وە یان بۆنێکی خۆشت بەسەردا دێـت، وە نموونـەی پیـاو خـراپیش وەکـو کورەی ئاسنگەر وایـە، لێی ڕزگـار نابیـت یان ماڵت دەسوتێنێت، وە یـان جلـەکانت دەسـوتێنێت، وە یـان بـۆنێکی ناخۆشـت بەسەردادێت.

**جگەرەکێشـــانیش** بـــۆنێکی ئێجگـــار نـاخۆش و بێزارکـەری هەیـە تەنانـەت لـە سیر و پیازیش بۆنی ناخۆشترە و دەبێتـە هۆی ئازاردانی کەسانی هـاوڕێ و هاوسـێ و خزم و کەس وکارت.

**بەڵگـــەی نۆیـــەم:** پێغەمبـــەر (ﷺ) دەفـەرمێت: ((كـل أمـتي معافــى إلا المـجاهرين))[٤].

واتە: هەموو ئوممەتەکەم خوای گەورە لێیـان خـۆش دەبێـت جگـە لـەو کەسـانە نەبێت کەتاوان بـە ئاشـکراو بـە بەرچـاوی خەڵکی‌یەوە ئەنجام دەدەن.

لێکدانەوەی ئەم فەرموودەیە وایـە کـە هـــەموو تاوانـــە نادیـــار و شـــاراوەکانی موسڵمان ئومێد دەکرێت کە خوای گەورە لێیان خۆش بێـت و سـزایان نـەدات بـەڵام ئەمە ئەو تاوان و سەرپێچیانە ناگرێتـەوە کەوا بەئاشکراو بـە بـەر چاوی خەڵکـەوە ئـەنجام دەدرێـن وەکـو **جگەرەکێشـــەکان** کاتێـك کـە جگـەرە دەکێشـن، چـونکە جگەرەکێشـان بەئاشـکرا هـانی کەسـانی دیکــە دەدات بــۆ ئـــەم تاوانـــە ڕوون و ئاشکرایە .

**بەڵگـــەی دەیـــەم:** پێغەمبـــەر (ﷺ) دەفـەرمێت: ((من كان يؤمن بالله واليـوم الآخر فلا يؤذ جاره))[٥].

---

[٣] صحيح الجامع الصغير رقم : (٥٨٢٩).

[٤] صحيح الجامع الصغير رقم : (٤٥١٢).

[٥] صحيح الجامع الصغير رقم : (٦٥٠٤).

واتە: هەر کەسێك کەوا بڕوای بە خواو ڕۆژی دوای هەیە ئەوا با زەرەر و زیان لە هاوسێکەی نەدات و ئازاریان نەدات.

وە جگەرەکێش پێویستە ئەوە بزانێت کە **جگەرەکێشان** بە بۆنەکەی ئازاری خێزان و منداڵ و دراوسێکانی پێ دەدرێت، بە تایبەت برا نوێژخوێنەکان لەڕیزی نوێژی جەماعەتدا، وە هەروەها مەلائیکە نزیکەکانیش بێزار دەبن بە بۆنەکەی چونکە مەلائیکەکان ئەو شتە بێزراو و نابەجێیە لە لایان کەوا لای موسڵمانان بێزراو بێت وەکو جگەرەی ئەمرۆ .

### فەتوای زانایان دەربارەی جگەرەکێشان

١- زانای پایە بەرزی ئیسلام (الشيخ عبدالله عبدالعزيز بن باز رحمه الله) دەفەرمێت: (**جگەرەکێشان** حەرامە و کڕین و فرۆشتنی حەرامە وە هەروەها دوکان بەکرێ دان بۆ جگەرە فرۆشتن حەرامە، وە هاوڕێیەتی کردنی کەسانی جگەرەکێشیش لەکاتی کێشانی جگەرەدا دروست نییە)[٦].

٢ - بە هەمان شێوە زانای ناودار و پایە بەرز و شەرع زان (محمد بن صالح العثيمين رحمه الله) فەتوای داوە بە حەرام بوونی جگەرەکێشان[٧].

٣ - وە هەروەها زانایانی (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء) فەتوایان داوە بەحەرامێتی جگەرەکێشان[٨] .

## چۆن خۆت لە جگەرەکێشان ڕزگار دەکەیت

خوێنەری بەڕێز: وا بۆت ڕوون بووەوە کە **جگەرەکێشان** حەرامە لەدینی ئیسلامدا چونکە زیان بەخشە بەدروستی مرۆڤ و لەناوبەری سەروەت و سامان و ماڵە، وە بێزارکەری خێزان و منداڵ و دراوسێ کانە، بەتایبەتی لە شوێنە گشتییەکاندا، وە لەناوپاس و ئۆتۆمبێلەکاندا، وە ئەو شوێنانەی کەوا خەڵکی بەگشتی ڕووی تێدەکەن و قەرەباڵەغن وەکو نەخۆشخانە و خوێندنگا و ... هتد.

وە بە برای جگەرەکێشیش دەڵێین: ئایا لەڕەوشت بەرزی و دینداری و ئایین پەروەری و پێشکەوتنە کە بەدوکەڵی جگەرەکەت ئازاری خەڵك بدەیت و دووکەڵ و بۆنی ناخۆش بەرەو ڕوویان بهاویت و ژینگە و کەش و هەوایان لێ تێك بدەیت؟ وە بزانە تێکدان و پیس کردنی ژینگە و هەوای خەڵکی بەدوکەڵی

---

(٦) الفتاوى الإسلامية : (٢ / ١٦٢) .

(٧) مجموعة فتوى ورسائل الشيخ : (١١ / ٢٤٨).

(٨) الفتاوى الإسلامية : (٢ / ١٧٦) .

جگەرەکـەت گـەلێك زیـان بەخشـترە لـە تێکدانی ئاوی خەڵکی، جا کەواتە تێبگەو واز لە **جگەرەکێشان** بهێنە.

وە برای دڵسۆزم لەوکەسـانە مەبـە کـە موجادەلەی پڕوپوچ و بێ سەروبن دەکەن و بەدوای بەڵگەی لاوازدا دەگەڕێن و دوای هەواو ئارەزووی خۆیان کـەوتوون و گـوێ بەشەرع و بەڵگە ڕاستەکان نادەن.

بەڕاستی ئەگەر هەریەك لە ئێمە پارە و پولێکی خۆی بسوتێنێت یا بیدڕێنێت ئەوا بەشێت وکەم عەقل ناو زەنـد دەکرێـت؟؟ وەیان خەڵکی پێی ئـەڵێن ئـەوە کـارێکی حـــەرامی ئـــەنجام داوە؟؟ ئـــەی چـــی دەڵێیت بە کەسـێك کـە هـەزارەها پـارە و پولێ بە جگەرە دەدا و دەیسوتێنێت! وە لە ڕاسـتیدا ئـەم کەسـە جگـە لـەوەی کـە پارەکـــەی خـــۆی دەســـوتێنێت: زیـــان بەلاشە و ماڵ و منداڵی خۆی دەگەیەنێت، وە خێزان و هاوسێکانی بێزار دەکات.

## ڕێگەکانی ڕزگار بوون لە جگەرەکێشان

١ ـ باشترین چارەسـەر بـۆ نەهێشـتنی جگەرەکێشـان و گەڕانـەوە بـۆ هـەڵگرتنی جگەرە، قبوڵ نەکردنێتی لە کەسانی تر.

٢ ـ وە هـەروەها کـەم خواردنـەوەی چای و قاوە، وە زۆر خواردنەوەی ماستاو و شـــــەربەتی میـــــوە بەهـــــەموو جۆرەکانی‌یەوە، و جگە لەمانەش ....

٣ ـ دڵ نەوایی خۆت بکـەیت بـە میـوە شیرینەکان یان میوە مزرەکان لەکاتێکدا کە دڵت دەچێتە سەر جگەرەکێشان.

٤ ـ وازهێنـــان لـــە جگەرەکێشـــان پێویستی بە دان بەخۆداگرتن وئارام گرتن هەیە بەتایبەتی لە ڕۆژانی سەرەتادا.

٥ ـ دوور کەوتنەوە لەجگەرەکێشـەکان تەنانەت بۆنی جگەرەش، وە ئاگـاداربوون و وریا بوون لێی .

٦ ـ دروست نی‌یە بۆ موسڵمانان کە لـە بۆنــە گشــتی‌یەکانــدا جــەژن بێــت یــان ســـەردان و زیـــارەت کـــە جگـــەرە بـــۆ ئامادەبوان و میوانان دابنێن، چونکە ئـەو کارەیان سەرپێچی کردنی دینـە و زیان و ئازاردانی ئامادەبوانی تێدایە.

٧ ـ گەڕانی زیـاتر بـەدوای چارەسـەری (**نیکۆتین**)دا، تاوەکو ببێتە هۆی یارمـەتی دانــی بــۆ وازهێنــان لــە جگەرەکێشــان، چــونکە کەســەکە تووشــی إدمــان بــووە بەهۆی مادەی نیکۆتینەوە.

٨ – وە هـــــەروەها ڕۆژوی مـــــانگی ڕەمـــەزان باشـــترین یارمـــەتی دەرە بـــۆ وازهێنان لەجگەرەکێشان.

٩ ـ وە لـە کاتێکـدا تـوڕە دەبیـت و غەمباری ڕووت تێ دەکات ئەوا پەنا بگرە بـەخوا و بڵـێ: (أعوذ بالله مـن الشـيطان الرجيم)، وە پاشان دەسـت نوێـژێك بگـرە چونکە توڕەبوون و غەمباری ئـاگرە و بـە

ئاو دەکوژێتەوە نەك بە دوکەڵی جگەرە و ئاگر.

١٠ ـ دوعا و پاڕانەوە لە خوای گەورە بکە بە بەردەوامی تاوەکو یارمەتی دەرت بێت بۆ وازهێنانت لە جگەرە کێشان، چونکە هەرکەسێك واز لەشتێکی حەرام بهێنێت لەبەر ڕازی بوونی خوای گەورە ئەوا بێ گومان خوا یارمەتی ئەدات.

١١ ـ وە هەروەها پەیمان بە خوای گەورە بدات لای هاوەڵانی کە واز لە جگەرە کێشان بهێنێت و بڵێت خوزگە نێوانی من و جگەرە وەکو نێوانی ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوا دوور بووایە بەڕاستی خراپترین هاوڕێ تۆی ئەی جگەرە.

## کۆڕای پزیشکان لەسەر زەرەر و زیانی جگەرە

لە ئامارێکی پزیشکیدا سەلمێنراوە کە ئەو کەسانەی دووچاری نەخۆشییە ترسناکەکان دەبن ٨٥٪ی ئەو کەسانەن کەوا جگەرە دەکێشن، هەروەها سەلمێنراوە کە ئەگەری مردن بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە (سەرەطان) (٢٢) ئەوەندەی ئەو کەسانەن کە جگەرە ناکێشن، وە هەروەها دەرکەوتووە کە ئەگەری تووش بوون بەنەخۆشیەکانی شێرپەنجەی (دەم و قوڕگ و گەدە و مەمك و پەنکریاس و ... هتد) چوار ئەوەندەی ئەوکەسانەن کە جگەرە نەکێشن، وە لە هەمان کاتدا دەرکەوتووە کە ئەو ئافرەتانەی جگەرەکێشن ڕووبەڕووی منداڵ لەبارچوون دەبنەوە بەشێوەیەکی وا کە چەندەها جار ئەگەری زیاترە وەکو لەو ئافرەتانەی کە دوورن لە جگەرەکێشان، وە لای پزیشکان جێگیربووە ئەو ئافرەتانەی کە جگەرەکێشن بەهۆی جگەرەکێشانەوە زیان لە منداڵی منداڵدان دەدەن و دەبنە هۆی زیان گەیاندن بەمنداڵەکە، وە زۆر جار دەبێتە هۆی تێکچوونی شێوەی ئاسایی منداڵەکە و کاریگەری لەسەرکێشی منداڵەکە دەبێت.

وە هەروەها بشزانە کە ئەگەری تووش بوون بەنەخۆشی (**قرحة المعدة**) واتە برینی گەدە سێ ئەوەندەی زیاترە وەك لەو کەسانەی کە جگەرە ناکێشن.

وە هەروەها جێگیربووە و سەلمێنراوە کەمادەی (**نیکۆتین**) لەکاتی تێکەڵ بوونی لەگەڵ خوێندا بەکارهێنەرەکەی إدمان دەبێت و بە بەردەوامی دڵی دەچێتە سەر جگەرە.

وە بەسە بۆ خەراپی و بێ کەڵکی جگەرە کە ببێتە هۆی لە ناو چوونی خاوەنەکەی؟!!!

وە ڕەنگە کەسانێك هەبن کە پرسیار بکەن و بڵێن تا ئێستا کەسمان نەبینیوە جگەرە بیکوژێت؟!

لـه وەڵامـی ئـەم جـۆرە کەسانەیشـدا دەڵێین گەر وا بوایە ئەوا کـەس جگـەرەی نەدەکێشـا و خـۆی لە ناو نەدەبرد، بەڵام لەترسناکی و بەڵای جگەرە ئەوەیە کەوا هێمنانە و بە لەسـەر خۆیی و پلەپلە خاوەنەکەی بەرەولێواری مـەرگ ڕاپـێچ دەکات و لـەناوی دەبات و دەیفـەوتێنێت، وە جگـەرەش ئەگـەر بـە تـەواویش جگەرەکێشـەکە نـەکوژێت ئـەوا کاریگەرییە خراپـەکانی لەسـەر کەسـەکە دەردەکەوێت و لاوازی و نەخۆشی سـەری تێدەکـەن بەتایبـەتی لەسـاڵانی کۆتـایی تەمەندا.

وە زەرەر و زیـانی جگـەرە تـەنها بـۆ جگەرەکێشـەکە نـیـیە بـەڵکو کاریگـەری خراپی لـە سەرکەسـانی دەوروبـەر هەیـە، چـونکە جگـەرەکێش تـەنها ١٥ ٪ی دوکەڵەکـە هەڵدەمـژێت و ٨٥ ٪ی دەداتـەوە بۆیـە پێویسـتە کەسـانی دەوروبەر خۆپارێزی بکـەن و هاوڕێیـەتی کەسـانی جگـەرەکێش نەکـەن لـەکاتی جگەرەکێشاندا.

وە لـە کۆتایـدا داواکـارین لـە خـوای گەورە و لێی دەپاڕێینەوە کە یارمـەتیمان بـدات لـە سـەر خێـر و ڕێگـەی ڕاسـتی و حـەق، و هیدایـەتمان نیشـان بـدات و ڕێنمونیمـان بکـات بـۆ هەرچـی زوو جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی و وازهێنـان لە قەدەغەکراو و یاساغەکانی .

## بۆ چی وازت لە جگەرەکێشان هێـنا ؟

**ئـەم پرسـیارە ئاراسـتەی چـەند جگەرەکێشـێک کـرا و ئـەوانیش لـە وەڵامدا ووتیان :**

یەکێك لەوانە ووتی: ئەوەی کە پاڵنـەر و هانـدەر بـوو بـۆ وازهێنـانم لـە جگەرەکێشان ئەوە بوو بیرم کردەوە مـن لـە سـەرەتای خـواردن یـان خواردنـەوەی هەر شتێك دەڵێم: (بسـم الله)، بـەڵام کـە چی بـۆ جگـەرە وام نـەدەووت!!! ئەمـە بوو هۆکاری پەند وەرگرتنم و وازهێنانم .

یەکێکی تر لەوانـە ووتـی: ئـەوەی کـە پاڵنەر و هاندەری من بوو: بیرم کردەوە و بۆم دەرکەوت جگەرە شتێکی زۆر بـێنرخ و بێکەڵکـە چـونکە مـن پاشماوەکـەی دەخەمە ژێر پێڵاوەکانم و بێڕێز و بـێنرخ مامەڵەم لە گەڵدا دەکرد !!!

﴿فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ﴾

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ...